بنچینەی شانۆی رادیۆیی کوردی

لێکۆڵینەوەی : کەمال رەئووف محەمەد

● **پێشەکی**

بنچینەی شانۆو درامای هاوچەرخی کوردی ی ـ بەبروای ئێمە ـ بەسێ قۆناغ دامەزراوە : **قۆناغی شانۆی رۆژنامە ، قۆناغی شانۆی قوتابخانە ، قۆناغی شانۆی رادیۆ** .

لەرایەڵەی ئەم باسەش دا ؛ یێکەم رادیۆی کوردی ی ـ عێراق ، دەورێکی چاك و بەفەری گێرا بۆ هەڵکەوتنی (شانۆو درامــای رادیــۆیی)و کاریشی لە بیرو هۆشی جەمــاوەر کرد بۆ تێگەیشتنی‌و پێشکەوتنی ، هەروەها کەشێکی باشی خوڵقاند بۆ بڵاوکردنەوەی (رۆشنبیری ی نواندن)و پەروەردەکردنی هەستی ئاکتەران.. بەڵام موخابن ، رادیۆی نێوبراو ـ کاتی خۆی ـ لەبەر نەبوونی ی پلانێکی زانستی ی و هۆی تەکنیکی ی ، نەیتوانی (مــەتن)ی دارمــاکان یان (تۆمار کراوەکان) بپارێزێت و باسی پیــاوانی ئەو هونــەرەش هەڵ بگــرێت . بە ئەم پێیەو بە ئەو رۆشنایی یەش کە شانۆی رادیۆ «بەشێك»ی شانۆی کوردی یە ؛ دیــارە دۆزینەوەی یان ناسینەوەی ریشەو (بنچینەی شانۆی رادیــۆیی کوردی) چەنــد کارێکی ئاســان نی یە ، هێندە پتر کارێکی پێویست و بەکەڵکە.

لە ساڵی ۱۹۷۸ بە دوواوە ـ لە رایەڵەی پرۆژەی نووسینی مێژووی رادیۆی کوردی ی کە تەواو نەبووە ـ بە گەرمی ی لە ئەو باســەش وورد بوویــنــەوەو سەربــارەی دەست نەکــەوتنی (بــەڵگــەنامەی باوەر پێکراو) لە نێو کۆری رۆشنبیران دا بۆ هەواڵە یێکــەمەکانی سەرەتا گەراین .. سەر ئەنجام کۆمەڵێك بیرەوەری‌و چەند (مەتن)ی دارامایمان دەستگیر کرد کە باری ناسینی سنووری مێژوویی ئەو هونەرەی بۆ ئاسان کردین و بۆمــان دەرکــەوت کە لە سەرەتادا «۳» تیپی شانۆی رادیۆ . بنچینەی ئەو هونەرەیان دامەزراندووە کە ئەمەن :

۱ـ تیپی ساڵح یەحیا
۲ـ تیپی شەماڵ صائیب
۳ـ تیپی رەفیق چالاك

ئەم تیپانــە چۆن بوون و کەی دامەزراوون و چی‌یان کردووەوە بیرەوەری ی کەســان و دەنگی بەڵگــەنامەی نوێی ـ دەستگیربوو ـ چی روون دەکەنەوە ؟ هەروەها لووتکەی ئەم هونەرە رێکەوتی چ رۆژگارێك و کام تیپ بووە ؟

● **تیپەکان**

یێکەم : ساڵح یەحیاو تیپەکەی

لە ۱۸/ ٥/ ۱۹۷۹دا دیدەنی ی خۆی‌و چەند ئاوەڵێکی ئەندامی تیپــەکــەمان کردو گفت و گۆمان لێوەرگرتن .. ساڵح یەحیای بەرێوەبەری تیپەکە گوتی : (لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹٤۷دا من و چەند قوتابی‌یێکی کورد لە دار المعلمین الریفی بەغــدادا ، گەیيشتینــە ئەو ئیستگــەیە بۆ پێشکەش کردنی چیرۆکی تەمسیلی ی هەفتانەی کۆمەلایەتی گاڵتە جاری ی . هەتا دەورو بەری مانگی نیسانی ۱۹٥۰ نێزیکەی «٤۰» تەمسیلمان پێشکەش کرد کە یێکی «۲ دینار» پاداشتی بوو .) .

حسێن جەلال ؛ ئەندامێکی تیپەکە گوتی : (لە سەرەتادا

۱



★ وینەی فوتوگرافی تیپی تایبەتی تەمسیل ـ رادیۆی کوردی‌ی بەغداد «تیپی رەفیق چالاك» : فایەق چالاك ، ئەحمەد مەحموود ، رەفیق چالاك ، نووری عەنبەر ، ئەحمەد دلاوەر .

ئێمە بەناوی گێرانەوەی سروودی کوردی‌یەوە ، چووینە سەر ئیستگەو لە شیعری شاعیرانی وەك زێوەرو بێکەس سروودمان دەخوێندەوە !) .

هەردووکیان ئەوەیشیان گێرایەوە کە بەرهەمەکانیان (بەر تۆمار کردن نەدەکەوتن) و تیپەکەیشیان ـ بەقسەی خۆیان ـ لە ئەم کەسانە پێك هات بوو ، هەروەها ئەم تەمسیلانەیشیان کردووە

ئەندامەکانی تیپەکە

١ـ سالح یەحیا ـ بەرێوەبەری تیپەکە
٢ـ حسێن جەلال ـ ئەندام
٣ـ عەبدوول محەمەد قادر ـ ئەندام
٤ـ محەمەد سەعید بێبەش ـ ئەندام
٥ـ مەعرووف حسێن بەرزنجی ـ ئەندام
٦ـ عەبدولوەهاب ئیسماعیل ـ ئەندام
٧ـ عەبد محەمەد فەهمی ـ ئەندامی (ناو بەناو)
٨ـ بەدرەددین ...؟ ـ ئەندام (ناو بەناو)

تەمسیلە پێشکەشکراوەکان

١ـ شایی یێکەی شارەزوور .
٢ـ قۆپی‌یە .
٣ـ ئەلە وورگەو دکتۆر .
٤ـ حوجرەو قوتابخانە
٥ـ لە مەیخانەدا .
٦ـ دلداری‌و پەیمان پەروەری ـ ئە . بێ . هەوری
٧ـ پیسکەی تەرپیر ـ مۆلێر .

شایانی باسە ، هونەرمەند رەفیق چالاك ، لە یادداشتی خۆی‌دا نووسیویەتی : (ساڵی ١٩٥٠ بەرەڵا کرام .. هەموو هەفتەیێك تەمسیلیی نیو سەعاتیم ئامادە کرد ـ گۆڕاو یان دانراو ـ ئەمدا بە ئیستگە بەرامبەر ٣ دینار .. لەو کاتەدا تیپێکی تەمسیلی‌ی لە ئیستگەی کوردی‌دا دامەزرابوو لە لایەن کاك سالح یەحیاوە ئەو چیرۆکانە بۆ ئەو بوو !) .

دووەم : شەماڵ صائیب و تیپەکەی

لەچەند دیدەنی‌دا ، باسی رابوردوومان لە شەماڵ صائیب پرسیوەو هەر هێندەی گوتووە گۆیا ـ شتی‌وا ـ تەمسیلیان کردووە ، تەنانەت لە ١٦/٦/١٩٨٣دا ئەوەیشی هاتەوە یاد کە ساڵانی ١٩٤٨ ـ ١٩٤٩ لە تەمسیل کردن دا نازدارو ئەسمەر فەرهادی هەردوو جووتە خوشکی گۆرانیی بێژی رادیۆ ، بەشدار ببوون .

راستی‌یێکەی ئەو چەند ووشانە زۆر تروسکایی نەدەدا ، بۆیێکە لە دیدارێکی ١٢/١/١٩٨٣داو لە رایەڵەی گفت و گۆیێکی سەرزاری‌دا لەگەڵ د . عیززەددین مستەفا ، باسی رەوانترمان دەستگیر بوو کە گوتی : (لە دەمەدەمی دووایی هاتنی ساڵی ١٩٤٨داو هاتنی ساڵی ١٩٤٩ ـ تشرینی یێکەم بۆ کانوونی دووەمی ١٩٤٩ ـ ئێمە یێکەم تیپی تەمسیلی رادیۆمان دانا کە ئەمانە بووین :

١ـ شەمال صائیب ـ میحوەر بوو ـ بەرێوەبەری تیپ . لە سانەوی ئەعظمیەدا بوو . تەمسیلەکان زۆری شەماڵ دەینووسین . وەك لە یادم دا مابێت «وورگە گا» و «ژیانی قوتابی» تەمسیلمان بوون .
٢ـ عیززەددین مستەفا رەسووڵ ـ قوتابی کۆلێجی شەریعەت .
٣ـ جەمال عەبدولقادر بابان ـ قوتابی کۆلێجی حوقووق .
٤ـ محەمەد سەعید کانی‌مارانی ـ قوتابی کۆلێجی حوقووق .
٥ـ عەلی مەردان ـ گۆرانیی بێژ .
٦ـ نازدارو ئەسمەر فەرهاد ـ گۆرانیی بێژ.
٧ـ رەئووف کەریم بەگ «الخالدی» ـ مذیع .
٨ـ عەبدوڵڵا عەززاوی ـ مخرج .

هەروەهــا بە هاوکــاریی مۆسیقەی ؛ ئەحمەد خەلیل و غانم حەددادی کەمانچەژەن) .

د . عیززەددین پتر لەسەر بابەتی تەمسیلەکان گوتی : (تەمسیلەکان لە رووی باری تەندروستیو خوێندەوارییەوە ، هەروەهــا بەگشتی کۆمــەڵایــەتیی بوون . نێــزیکــەی «١٠» تەمسیلێکمان پێشکەش کرد . هەر یەکی «٢ دینار» پاداشتی بوو) .

لەمــەر پاشە رۆژی تیپەکەش گوتی : (شەمال صائیب گیراو فەسڵ بوو لە خوێندن . تیپەکەش هەڵوەشایەوە . هەر پاش دوو هەفتە ساڵح یەحیا پەیدا بوو . هات بە شوێن منیش دا ، بەڵام من نەچووم) .

● هەڵوێستەیێك بۆ راستیی

لە ئەم شوێنــەدا ـ پێش باس کردنی تیپی سێیــەم ـ پێویستە بووەستین و بڵێین ئەو باسانە ـ سەرزارییانە ـ بە ئەوە بەهــێــز دەبــن و ساغ دەبنــەوە کە بەڵگــەنــامــەی باوەرپێکراومان لە بەرامبەردا راگرتن .. بۆ ئەمەیش کۆششی سەختمــان سەری گرت و توانیمــان ئەو راستییــانە بە ئەم شێوەیە بناسینەوە :

ئە :ـ وەك حسێن جەلال ـ ئەندامی تیپی یێکەم باسیکرد ، راستــە ، لە سەرەتادا ئەو دەستەیە بەناوی (**صالح یحیێ وفرقتە ـ غناء وأناشید**)ەوە لە رادیۆی کوردیدا دەرکەوتوون نەوەك بەناوی تەمسیل کردنەوە . ئەو تیپە بە ئەو جۆرە ، یێکەم جار لە ١٨ی نیســانی ١٩٤٨دا هەتــا ٩ی مایسی ١٩٤٨ لە رۆژانی یێك شەممەدا «سەعات ٣٠ر٥ ــ ٥٠ر٥ د» بۆ ماوەی «٢٠» دەقیقە دەرکەوتووە . جارێکی دی لە ١٩٤٩/٣/٣دا هەتا ١٩٤٩/٦/٣٠ لە رۆژانی پێنج شەممەدا «سەعات ١٥ر٥ ــ ٤٥ر٥ د» بۆ ماوەی «٣٠» دەقیقــە دەرکــەوتــووە ، بەڵام ئەم جارەیان بە ناوی (**منهج صالح یحیێ و فرقتە**) .

ئەوی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە ـ شارەزایانی رادیۆ لە ئەم باســە پتــر تێدەگەن ـ ناونیشانی «گۆرانیی و سروود ـ أغانی و أناشید» لەگەڵ ناونیشانی «بەرنامە ـ منهج» جودایی هەیەو دەشێت لە ئەم «بەرنامە»یەدا کە ماوەکەی نیو سەعات بووە (تەمسیل) یان پێشکەش کردبێت .

شایــانی باســە بۆ یێکەم جار لە بەرنامەکانی رادیۆی کوردیــیدا رۆژانــی هەیــنــی ١٠ و ١٩٤٨/١٢/٢٤ ناوی (تــەمسیــل ـ تمثیلیــة) هاتــووە بەبێ روون کردنەوەی ناوی تیپەکەو ناونیشانی تەمسیلەکە .

بێ :ـ بۆ تیپی شەماڵ صائیب ، ئەوا راستیی ئەوەیە : لە ١٩٤٩/١/٦ دا بەناوی (شمال صائب و فرقتە ـ أناشید)ەوە رۆژی پێنج شەممە ، سەعات «٤٠ر٥ ــ ٠ر٦ د» دەرکەوتووە.

جارێکی دی بە ناوی (منهج شمال صائب و فرقتە) لە ١٩٤٩/٢/١٠ هەتــا ١٩٤٩/٩/٢٩ رۆژانی پێنج شەممە ، سەعــات «١٥ر٥ ــ ٤٥ر٥ د» بۆ ماوەی «٣٠» دەقــیقــە دەرکــەوتــوون . لە ئەمــەیش گرنگتــر لە ١٩٤٩/٩/١ هەتــا ١٩٤٩/٩/٢٩ بەنــاوی (تــۆمــارکراوەکان ـ مسجلات شمال صائب وفرقتە) دەرکەوتووە . لە ئەمانەیش گرنگترو ئاشکراتر : رۆژانی ٤و ١١و ١٨و ١٩٤٩/٨/٢٥ بەنــاوی (تمثیلیة الأسبوع ـ شمال صائب و فرقتە) دەرکەوتوون کە یێکەم جارە ئەوها ئاشنا بکرێن .

شایانی باسە ، پاشتر ناوی (ساڵح یەحیا) و (شەماڵ صائیب) نەهاتووەو بۆ وێنەش لە یێکەم هەفتەی مانگی نیسانی ١٩٥٠دا هەتا دووا هەفتەی کە ١٩٥٠/٤/٢٧ دەگرێتەوە ، ناوی (تمثیلیة الاسبوع ـ رۆژانی پێنج شەممە : ـر٥ ــ ٣٠ر٥ د) هاتووە بەبێ ناو هاتنی کەسیان ، بەڵام زۆر پێدەچێت هەر شەمــاڵ صائیب و ئاوەڵەکــانی بووبن ، ئەگەرچی گفتارەکەی رەفیق چالاك یان گفتارەکە د . عیززەددین گومانێ دەبەخشن لە ئەم ئاستەدا .

دووا تێبینەشمان لەئەم بارەیەوە ، ئەوەیە ، ئەگەر چی سروودو گۆرانییێکــانی شەمــاڵ صائیب و تیپــەکەی (بەر تۆمارکردن کەوتبن) ئەوا (تەمسیلەکان هەرگیز بەر تۆمار کردن نەکەوتوون و راستەوخۆ وەك (بەرنامە)ی ساڵح یەحیا بڵاوبوونەتەوە ، بەڵام بە پێچەوانەی گفتاری ساڵح یەحیاوە لە سروودەکانیان دا هی ئەوتۆ هەیە (بەر تۆمار کردن کەوتووە) وەك سروودی (تاج) کە لە ٤ی نیســانی ١٩٤٩دا بڵاوکــراوەتــەوەو لە ١٩٤٩/٦/٦ بە تۆمارکراوی دووبارە بڵاوکراوەتەوە . لەگەڵ ئەم راستییانەش

●

- وەك خۆمــان ئاگــادارین - لە گەنجینەی رادیۆی کوردییدا (هەرگیز) یێکێ لە ٠ و سروود و تۆمارکراوانەی ئەو رۆژگارانەی شەمــاڵ صائیب و تیپــەکــەی یان ساڵح یەحیــاو تیپــەکــەی نەماونەتەوە بۆ ئەم رۆژگارە .

سێیەم :- رەفیق چالاك وتیپەکەی

رەفـیق چالاك لە یادداشتی - ساکــاری - نووسراوی خۆیدا دەگێڕێتەوە کە ؛ لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠دا هەتا ١٩٥٥ لە رادیـۆی کوردیی عێراق دا بە «مـذیع» دامەزراوەو لەگەڵ چوونە رادیۆش (تیپی تەمسیل)ی دامەزراندووە و هەتا کارگـێڕ بووە . هەروەهـا ئەو تیپـە نزیکەی «٢٠٠» تەمسیلی هەفـتــانــەی پێشکــەش کردووە، چ لە نووسینی خۆی یان وەرگێڕاوو ئامادەکراوی ، یان نووسراوی ئاوەڵەکانی .

راستیـیێکــەی لە پاشمــاوەکانی ئەو تیپە ، لە رادیۆی کوردییدا بە تەنێ شریتی چیرۆکی تەمسیـلی (باوەژن) ماوەو ئیدی چ هەواڵ و یادگاریکی لێنەماوە .. بەڵام بە قسە وەرگرتن لە (ئەندامە زیندووەکان)ی ، ئەوا ئەوتیپە ، لە مێژووی رادیۆی ناوبراودا (یێکەم تیپی تەمسیلی رەسمی)ی بووە کە ئەمەیش بەڵگــە نامــەی رەسمیی ساغی دەکــاتــەوە . بۆ وێنــەش بەڵگەنامەی (مدیریە الدعایة العامة - بغداد / ژ : ٣٦٣٧ لە ١٨/٩/١٩٥١) دا بڕیاری داوە (تیپی تایبەتی تەمسیل - لە رادیۆی عەرەبیو کوردیدا پێك بێت و ئەم کەسە کوردانەش لەنێو ناوە دامەزراوەکان دان ؛ (نووری عەنبەر - بە ٢ دینار) و (ئەحمەد دلاوەر - بە ٥٠٠ ١ فلس)و (فایەق چالاك - ٥٠٠ ١ فلس)ی کرێی هەفتانە .

کەی ئەم تیپە (چیرۆکی تەمسیل)ی پێشکەش کردووە ؟

مەتنێکی چیرۆکێ ، لە ئەو چیرۆکانە بەناوی (لە رێی پارە)دا بە ژمــارە «٤»ی چیرۆکــەکــان نیــشــانــە کراوە مێــژووی ٢٦/٦/١٩٥٠ی لەسەرە .. بە ئەم نیشانەیەش - کە چوارەم بێت - پێدەچێت (یێکەم چیرۆك) لە سەرەتای ئەو مانگەدا بەڵکو لە دەوروبەری ٥-٦/٦/١٩٥٠دا پێشکەش کرابێت کە لێمان ئاشکــرا نییــە چ چیرۆکێ بووە.. دووا مەتنی چیرۆکیش کە دەستگیرمان بووە ؛ یێکەم ئۆپەرێتی کوردیی (دڵداریی کورە شوان) بووە کە لە ٢٩/٣/١٩٥٥دا پێشکەش کراوە . بە ئەم رۆشناییە ، سنووری مێژوویی تیپەکە روون دەبێتەوە .

لەگــەڵ ئەوانــەی رابــوردن ، داخۆ تەواوی ئەندامانی تیپەکە هەروەها هەواڵی بابەتەکانی تەمسیلەکان چۆن بوون؟ کۆشش بۆ ناسین و کۆکردنەوەی «٤١»ی مەتنی ئەو چیرۆکانە - لەگــەڵ پەیــدا کردنی چەند وێنە تۆمارکراویان - گەلێ وەڵامی راستمان دەخەنە دەستەوە کە ئەمەن :

ئەندامەکانی :

ئە : هەمیشەیی

١- رەفیق چالاك - بەڕێوەبەری تیپەکەو نووسەرو ئاکتەر .
٢- ئەحمەد دلاوەر - ئەندام و نووسەر .
٣- نووری عەنبەر - ئەندام .
٤- ئەحمەد مەحموود - ئەندام ، «هەروەها گۆرانیی بێژ»
٥- فایەق چالاك «دڵزار» - ئەندام .
٦- عەبدوڵلا عەززاوی - مخرج .

بێ - هاریکارەکان .

١- قادر دیلان - مۆسیقە ژەن «ئاکتەر» .
٢- عەلی مەردان - گۆرانیی بێژ «ئاکتەر» .
٣- عەلی ئیبراهیم - . . . . . «ئاکتەر» .
٤- تاپەر تۆفیق - گۆرانیی بێژ «ئاکتەر» .

چیرۆکەکان

«ناوی نووسەر و مێژووی دانانیان یان بڵاوکردنەوەیان بە رۆشنایی مەتنەکان»

١- لە رێی پارەدا - نووسینی : ئەحمەد دلاوەر - ٢٦/٦/١٩٥٠
٢- ژان بوو نەك ژن - نووسینی : رەفیق چالاك - ٤/٧/١٩٥٠
٣- خەسوو - نووسینی : ئەحمەد دلاوەر - ١٤/٧/١٩٥٠
٤- تاسەی بەنگ کێشان - نووسینی : رەفیق چالاك - ٢/٨/١٩٥٠
٥- دراکێوڵلا - ئامادەکراوی : رەفیق چالاك - ٩/٨/١٩٥٠
٦- خزمی خراپ - نووسینی : رەفیق چالاك - ٢٩/١٠/١٩٥١
٧- نەخۆشیی سەفلس - نووسینی : رەفیق چالاك -

١٩٥١/١٢/١٠
٨ـ ژن هێنان ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ٢/١/١٩٥٢
٩ـ گوڵی خوێنـاوی ـ شیعری گۆران . ئامادەکردنی : ڕەفیق چالاک ـ ٤/٢/١٩٥٢
١٠ـ ئامۆژگاری مایکرۆفۆن ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک (٤ بەش : شەکـراو خواردنـەوە، پاشتیـلانـە، ناوکە برانە، لە کۆڵان دانیشتن) ١١/٢/١٩٥٢ .
١١ـ باوەژن ـ نووسینی : ئەحمەد دلاوەر ـ ٢/٣/١٩٥٢
١٢ـ دەردی هاری ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ١٦/٣/١٩٥٢
١٣ـ إبن سینا ـ ئامادەکردنی : ڕەفیق چالاک ـ ٢٣/٣/١٩٥٢
١٤ـ نەخۆشیی سیل ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ١٧/٦/١٩٥٢
١٥ـ جێژنتان پیرۆزبێ ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ٢٤/٦/١٩٥٢
١٦ـ دووا ڕۆژ ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ٦/٧/ ١٩٥٢
١٧ـ هەوێ ساری ـ نووسینی ئەحمەد دلاوەر ـ ٣٠/٨/١٩٥٢
١٨ـ هاتە ڕیزەی خەڵقی ـ نووسینی : ئەحمەد دلاوەر ـ «؟»
١٩ـ هاوڕێ گورگەکان ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ «؟»
٢٠ـ تەلەفوون ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ١١/١٢/١٩٥٢
٢١ـ پاداشتی چاکە ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ٢٦/٢/١٩٥٤
٢٢ـ هامسەری ژیان ـ نووسینی : قاسم خەطاط . گۆرینی : ڕەفیق چالاک ـ ٢٩/٣/١٩٥٤
٢٣ـ ئامۆژگاریی مایکرۆفۆن ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک (٣ بەش : کوێخاو پیرێژن . کوری گەورە . ئەجری دراوسێ) ـ ٣٠/٤/١٩٥٤
٢٤ـ کرێ گرتەیی ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ١٦/٧/ ١٩٥٤
٢٥ ـ هەندێ نارێکیی ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ٢٣/٩/١٩٥٤
٢٦ـ ئاوازی ماتەم ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ١٧/١٠/١٩٥٤
٢٧ـ دادی ئاسمان ـ نووسینی ڕەفیق چالاک ـ ٢٤/١٢/١٩٥٤
٢٨ـ گڵکۆی تازەی لەیل ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٢٩ـ پیاو نەبوو ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٠ـ مارەیی ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣١ـ تۆبە ـ نووسینی : قاسم خەطاط . گۆرینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٢ـ کچەکەم نەبووایە ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٣ـ ئامۆژگاریی مایکرۆفۆن ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٤ـ ئەنجامی زۆر خۆریی ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٥ـ مێردی هەڵ خەڵەتێنراو ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٦ـ ئامۆژگاریی مایکرۆفۆن ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟(٣ بەش : ناپاکی هێوەر ژن . حەقی کێیە ؟) .
٣٧ـ حاجی قادری کۆیی ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٨ـ ژنی لاڵ ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٣٩ـ ئامۆژگاریی مایکرۆفۆن ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟(٣ بەش : جلی بووک . هاورێی بێوەفا . دەروونی خەڵقی) .
٤٠ـ دایکی خراپ ـ نووسینی : ڕەفیق چالاک ـ ؟
٤١ـ ئۆپەرێتی دڵداریی کورە شوان ـ شعیری محەمەد ئەحمەد طەها «کامەران» دەستکاریی‌و ئاوازی : ڕەفیق چالاک ـ ٢٩/٣/١٩٥٥

شایـانی باسە ، ناوی ئەم (تیپە) بە زۆریی بە ناوی (تیپی تایبەتی ئیستگە)وە پێشکەش کراوە ، بەڵام جاروبار بە ناوی (تەمسیل ـ تیپی ڕەفیق چالاک)ەوە هاتووە کە بۆ وێنە لە ٨ی مارتی ١٩٥٤دا ئەو ناوەی لێنووسراوە .
لە لایێکی دیەوە ئەگەرچی ئەو تیپە هەتا ١٩٥٦ نەژیاوە بەڵام تۆمـارکراوەکانی هەتا پاش ساڵی ١٩٥٨ دووبارە کراوەتەوە ، بەپێی سەرنج و ووردبوونەوەشمان ـ تەمسیلی باوەژن بەڵگەیە ـ تەمسیلەکان لەسەر (سیم وایەر) تۆمارکراوون و پاش پەیدا بوونی (شریتی موگناتیس)ی خراوونەتە سەر شریت کە موخابن لە نێو ئەو تەمسیلانەدا ـ بێ لە باوەژن ـ هیچی لە رادیۆ نەماوەو هێنـدە هەیـە هێنـدێ کەس لەلای خۆیـان لە ڕادیۆوە چەند تەمسیلێکیـان وەرگـرتـووەو بە تۆمـارکـراوی لای خۆیـان پارستوویانە کە لە «٤» تەمسیل پتر نی‌یە .

● **ئەنجام**

١- هیچ گومان نییە (سالح یەحیاو تیپەکە)ی کە لە (مەنهەج)ی باس کراودا هێندێ چیرۆکی تەمسیلیان پێشکەش کردووە ، دەست پێشکەری‌یان کردووە بۆ ئاشنابوونی هونەری درامای رادیۆیی ئەگەرچی بە شێوەیێکی ساکارو بلاوکردنەوەیەکێ راستەوخۆ کارەکەیان راپەراندووە ؛ بەلام

(شەماڵ صائیب و تیپەکە)ێ چۆن بە ئاشکرا ناوی تەمسیل کردنیان هاتووە ، دیارە لە ئەم باسەدا پتر دەوری هەبووە کە شەماڵ خۆی گیانێکی هونەرپەروەریی هەبووە و بۆ یێکەم جاریش (ئافرەت) لە کاریان دا دەوری هەبووە .

بە بروای ئێمە ، ئەم دوو تیپە کە لە یێك ماوەدا «١٩٤٨ - ١٩٤٩»دا هەڵکەوتوون و یێك باری تەکنیکی رادیۆیان دیوەو تەمسیلەکانیان بەر تۆمارکردن نە کەوتووەو ئەندامەکانی تیپەکانیش خوێندکاربوون و کارمەندی رادیۆ و خوێندکاری هونەر نەبوون ، ئەوا هەردووکیان (یێك قۆناغ)ی کاروانی هونەری شانۆی رادیۆیی کوردی‌ی پێك دەهێنن ، بەڵکو زۆر راستە بڵێین ؛ یێکەم بەردی بنچینەن .

٢-تیپی رەفیق چالاك کە خۆیشی خاوەنی کۆمەلێ بەهرەی ئەدەبی‌یو هونەری‌ی بووە - پێشتریش مذیعی رادیۆی شرق - الادنیٰ بووە لە یافادا - هەروەها پێوەندی‌ی ئەندامەکانی دی بە جۆرێکی هونەرەوەو خۆ تەرخان کردنیشیان بۆ هونەری شانۆی رادیۆ - وەك تیپێکی رەسمیی - ئەمانە بەڵگەی جودایی‌یە لە بەرامبەر ئەوانی دی .

ئەگەر پتریش ووردببینەوە کە - ئێرە جێگەی هەموو وورده لێکۆڵینەوەیێك نی‌یە - بەڵگەی زۆریشمان لەبەردەستە ؛ ئەوا کردەوەی ئەم تیپە لە رووی ئەدەب و هونەرەوە تەواو ژیرو توونایە.. تێکرا زمان پاراوو رەوان بێژ بووەو پێوەندی‌یێکی توندو تۆڵی بەزمانی خەڵکەوە هەبووە .

لە رووی هونەری نوواندنیشەوە ؛ ئەوا هەر لە ئەدای ژیرو دەنگ دەربرینی هونەرانەوە کە هەمیشە جڵەوگیر بوون و لە سڵەمینەوەو پەشۆکان و تەتەڵە کردن بە دوور بوون ، هەتا دەگاتە دەنگ گۆرینی هەندێکیان بۆ پرکردنەوەی کەلێنی نەبوونی (دەنگی ئافرەت) ئەمە وێنەی ئەوپەری توانایە .

بێ لەئەوانەیش ، لە رووی فێڵی رادیۆیی‌وە ؛ دەنگی کاریگەری جۆر بەجۆری بەکار هێناوە ، هەروەها بۆ بابەتەکان و بەشەکانیان - هەتا راددەیێکی باش - مۆسیقەی جیاوازو پەسەندی . هەڵبژاردوە.

تێکرای بابەتەکانیش - کە مەتنمان لەبەر دەستە - بە ژیری‌یەوە هەڵبژێراوون و لە قەوماوەکانی کۆمەڵ و مرۆڤەوە هاتوون و لایەنگیری کێشەکانیان بووە . ئەمەیش هەر لە نیشانەکردنی بارو نەریت و دەردە کۆمەلایەتی یێکانەوە دەست پێ‌دەکات هەتا دەگاتە ئاشناکردنی دەوری چاکی مرۆڤ لە بنیات نانی پێشکەوتن دا .. چیرۆکەکانی (دراکیوڵلا ، ابن سینا ، حاجی قادری کۆیی) بەڵگەی راستی ئەم لافەن . هەروەها ژیرانەش پێوەندی‌ی جەماوەری بە کەلەپووری رۆشنبیری‌ی کوردی‌یەوە بووژاندوەتەوە ، بۆ وێنەش چیرۆکی (گڵکۆی تازەی لەیل) بەڵگەی ئەم لافەیە .

لەلایێکی دی‌یەوە ؛ ئەوی زۆر گرنگە ، نەم تیپە توانیویەتی لە هونەری شانۆی رادیۆیی‌دا هونەری ئاوازو گۆرانیی دابرێژێت کە چەند چیرۆکێ ئەم مۆرەیان پێوە هەیەو هەرە وێنەی بەرزیش - کە موخابن تۆمار کراوەکەی لە دەست چووە - ئەو کارەیە کە یێکەم ئۆپێرای کوردی‌ی (دلداری کورە شوان)ە .

دوواجار سەرەرای سادەیی‌و سەرەتای (هونەری تۆمارکردنی رادیۆیی) ئەوا تۆمارکراوەکان کە چەند وێنەیێکمان لەبەر دەستە، پەسەندو پاکن .

کەوابوو ، بەراستی (تیپی رەفیق چالاك) نەك هەر (دووەم قۆناغ) پێك دەهێنێت ، بەڵکو (لووتکەی شانۆی رادیۆیی) کوردی‌یەو بە بروای ئێمەیش - هەتا ئێستا - هەر تیپێ یان دەستەیێکی لە پاش هاتبێت ، نەگەییشتووتە رێزەی ئەوو هەر چتێکیشیان پێشکەش کردبێت - وەك خۆیان - بە قۆناغی سێیەمی ئەو هونەرە دادەنرێت.

هەرچۆنێ بێت ، مێژووی شانۆو درامای کوردی‌ی - بە گشتی‌ی - قەرزاباری (شانۆی رادیۆ) و ئەو (دوو قۆناغەیە) بە تایبەتیش دووەم .

●

یێکەم ڕادیۆی کوردیی - عێراقیش بۆی هەیە شانازی بە ئەو ڕاستییەوە بکات کە پێش گەلێ ڕادیۆی نێو جیهان هونەری شانۆی ڕادیۆیی تێدا بنیات نراوە . بە ئەم ڕۆشنایییەش ، لە هەمان کات دا ، هەمان ڕادیۆ ئەرکی مێژوویی لەسەر شانە بۆ پێش خستنی ئەو هونەرەو بووژاندنەوەی ئەو دەورە بێهاوتایەی کە بێگومان نووسەران و ئاکتەران هاوبەشی ئەم ئەرکەن و بەرامبەر پاشە ڕۆژی ئەوهونەرە بەرپرسیارن !!

پەراوێز

«وێنەییکی درامای ڕادیۆیی»

بۆ کەڵکی خوێندەوار بەپێویستمان زانی چەند وێنەییکی جۆر بە جۆری درامای ڕادیۆیی بخەیینە ڕوو ، بەڵام لەبەر درێژییان کە بۆ لاپەڕەیی گۆڤارێ دەست نادەن ، ناچار بووین بۆ ئێرە ، بەتەنێ (بەشێ) وەربگرین لە چوار بەشی کۆمەڵە چیرۆکی (ئامۆژگاریی میکرۆفۆن) کە لە ڕلیەڵەی باس دا نێویان براوە .

ئەم بەشەیەش کە بەنێوی (پاشتێلانە)یەو دانراوی ڕەفیق چالاکەو لە دەست نووسینی ئیمزا کراوی خۆیەوە وەرمان گرتووە ، مێژووی ١٩٥٢/٢/١١ لەسەرە کە دیارە هەر لە ئەو ڕۆژانەدا لەسەر ڕادیۆ بڵاوکراوەتەوە کە موخابن تۆمارکراوەکە لەسەر ڕەفەی ڕادیۆدا نەماوە . شایانی باسە لەسەر مەتنە دەست نووسەکەدا قەڵەمی ڕەفیق چالاک دەروەکانی ئاکتەرەکانی دیاریی کردووە بە ئەم شێوەیە : دەوری (عەلی) بۆ (فایەق چالاك)و دەوری (ژن) بۆ (ئەحمەد مەحموود)و دەوری (میکرۆفۆن) بۆ (ڕەفیق چالاك) خۆی .

ئەمەش تەواوی ئەو بەشەیە کە بە دەست کاریی ڕێنووسەوە دەیخەیینە ڕوو :

عەلی : ئافرەت ئەوە کوا لیرەکەی تەوقە سەرت ؟

ژن : بۆ چیتە ؟ بۆچی ئەپرسی ؟

عەلی : چۆن بۆچی ئەپرسم ؟ ئەی نابێ بزانم بۆ لە فێستەکەشت کردۆتەوە ؟

ژن : لێم کردۆتەوەو برایەوە !

عەلی : ئاخر لە کوێیە ، چیت لێکردووە ؟

ژن : ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە . درێژە بەشت ئەدەی ؟ پەنام بە تۆ خوایە !

عەلی : کچێ دەنگم دەرمەهێنە خوا لە ناوی دەمت با ! پێم بڵێ چیت لە لیرەکە کرد ؟

ژن : ئۆ ؛ هەر خۆت بە خۆت بی ئاوا !! چاووت لەو قیژو هووڕە بێت کە ئەیکا بە سەرما !

عەلی : خۆمی چی بەخۆم بم؟ چیمە؟ شەلم ، کوێرم، قۆرم چیمە؟ کچێ کوا لیرەکە ؟!

ژن : توخوا ئەم پیاوە شەڕ نافرۆشێ ؟ ئێستا لیرەی خۆمە یا هی تۆ ؟

عەلی : هی تۆی چییە ؟ لە ماڵی باوکتەوە هێنات ؟ کچێ کە تۆم مارە کرد دایکم بۆی نەهێنای ؟

ژن : ئێ ! ئیتر بۆچی ئەڵێی ؟ دایکت بە ڕەحمەت نەیداوە بەخۆم ؟

عەلی : کچێ ئێستا خۆم و خۆتی بۆچییە ئافرەت ؟ کوا لیرەکە با دات نەپلۆسم ..

ژن : ئەیهو .. ئەیهو .. ئینجا بەزمە بەزم !

عەلی : بە ناموسم پێم نەڵێی چیت لە لیرەکە کردووە تەڵاقت ئەدەم !

ژن : ئینجا لە دەستت یەت .. هەموو شتێك ئەکەی .!

عەلی : قسە ناکەی ؟

ژن : لیرەکەم برد بۆ ئافتاو ! باشە ؟

عەلی : ئافتاو کێیە ؟ کام ئافتاو ؟

ژن : ئافتاوی بووکی میرزا ڕەشید !

عەلی : موناسەبەت چییە ؟ بە وەعدەی چەند ڕۆژ لات داناوە ؟

ژن : بسم الله ! وەعدەی چی ؟ بۆچی لێی خواستووم ؟

عەلی : ئەی چۆن ؟ بۆچی بۆت بردووە ؟

ژن : ئەی دوێنێ پاشتێلانەی نەبوو ؟

عەلی : پاش تێلانە مەعە - مەعنای چی ؟

ژن : ئەوی نەچووین بۆ شایی کە شووی کرد ؟ ئەی شەکرمان

بۆ نەهات ؟ ئەی نەچووین بۆ حەمام ؟ کورە عەیبە پیاوەکە بۆ ئەوەندە لەسەر شت ئەڕۆی ! ئەوە تازە واتِ لێهاتووە !

عەلی : چیم لێهاتووە ؟ شێت بووم وەنی‌یە ؟ ئاخر بە دەست تۆوە شێت بووم! کچێ تۆ شێتت کردم! بایی ٣٠ فلس شەکرو پەنجا فلس نان خواردنی شاییو پەنجا فلس حەمام کە هەمووی ئەکاتە ١٣٠ ، لە جیاتی ئەمە تۆ ئەچیت لیرەکەی تەوقە سەرت ئەبەی بۆ بووکی میرزا رەشید ! دەك موبارەکم نەکرد ئاوا... ئافرەت گوێبگرە! ئەمە خاتمەی بێت : سێ بە سێ تەلاقت کەوتبێ ، بە هیچ مەزهەبێك چاك نەبێتەوە ئەگەر جارێکی‌تر هیچ شتێك بەری بۆ پاشتێلانەی هیچ کەسێك ..

ژن : ئافەرم، ئافەرم! دەك موبارەك نەبێ لە عومرت بۆ چ پیاوێکیت ! بەخوا من ئەڕۆم و یەك دەقیقە لەم ماڵە کاوول بووەدا نامێنمەوە .

عەلی کچێ نامێنیتەوە چیش ! نارەسەنی بێ‌مێشکی جزین .. وا من ئەچم بۆ بازار ، هەتا یەمەوە لێرە نەمابیت !!

ژن : ئەگەر مام لە جێی تۆ بم .. (دەرگا بە قایم پێوە ئەدرێ) با جلەکانم بپێچمەوەو لەم کاوول بووە دەرچم . بەخوا ئیتر لە توانامدا نەماوە !!

میکرۆفۆن : (پێ ئەکەنێ) .

ژن : بسم الله الرحمن الرحيم . ئەوە کێیە پێ‌ئەکەنێ ؟

میکرۆفۆن : منم مەترسە ! من ، میکرۆفۆنی بەشی کوردیم ، هی ئیزاعە !

ژن : چیت ئەوێ باوکم ئیشت چی‌یە لێرە ؟ نازانی پیاو لە ماڵەوە نی‌یە ؟

میکرۆفۆن: من حەقم چی‌یە بەسەر پیاوە کولۆلەکەتەوە؟ هاتووم یەك دوو قسە لەگەڵ تۆ ئەکەم !

ژن : قسەی چیم لەگەڵا ئەکەی ؟ چیت ئەوێ لە من باوکم ؟

میکرۆفۆن : ئەڵێم شتومەك مەپێچەرەوەو دانیشە لە ماڵەکەی خۆتاو لانە لە خۆت تێك مەدە ! کە هاتەوە ئاشتی کەرەوە! توخوا ئەو مێردە کولۆلە ناحەقیەتی توورە ببێ ! ئاخر چ موناسەبەتە : لیرەیەك بدرێ بە ١٣٠ فلس ؛ لە وەختێکا کە خۆتان موحتاجی ئەو لیرەیەن ؟ پاشتێلانەی چی‌و کالیاری چی ؟ ئەمە پێی ئەڵێن سواڵ کردنی بە عەدەب ! ئەوا یەکێکی‌تر شووی کردووەو کابرایەکی‌تر ژنی هێنـاوە، من بۆ ئالتـوونی بۆ بەرم !؟ تەرکی کەن ئەم عادەتە پیسە ناشیرینە !

ژن : ئەی عەیب و شوورەیی هیچ نەبەین بۆ بووك بەرامبەر بەو هەموو حەمام شایی و شەکراو خواردنەوەیە !؟

میکرۆفۆن : نەخێر هیچ مەبەن ! با خاوەنی شایی ئەگەر لە توانایا نی‌یە ئەوەندە مەسرەف نەکا ! هەر کەسە لە ژن هێنانا بە قەدەر بەرەی خۆی پێ‌رابکێشێ ! تۆ ئەزانی خوشکێ ؛ هەزار ژن هەن بە دزی‌ی مێردەکانیانەوە شت ئەبەن بۆ پاشتێلانە ؟ تۆ ئەزانی هەندێ ژن دزی‌ی لە مێردەکانیان ئەکەن ، شتومەکی ناو ماڵ ئەفرۆشن و ئەی‌بەن ؟ خوا هەڵ ناگرێ وا لە ماڵ و مێردی خۆتان ئەکەن !

ژن : ئاخر باوکم ، ئەمە رەسم و عادەتەو عەیب و شوورەیی‌یە ئینسان شت بۆ ناسیاو نەبات ! لە پاشا بەدەستیاویشە..

میکرۆفۆن : دەستیاوی چی ؟ تەرکی کەن ! کە تۆ بۆ خەڵقت نەبردو خەڵق بۆ تۆی نەهێنایەوە ئەوا رەسم و عادەت نەما .

شتومەك نەپێچیتەوەو نەرۆیت نەوەکو تەلاقت بدا ! ماڵ لەخۆت مەشێوێنە خوشکێ ! میکرۆفۆن ئامۆژگاریت ئەکا کە شت نەبەی ، ئەگینا تەلاقت ئەکەوێ ! بە دوعا خوشکێ .لەبەر خاتری پاشتێلانە ماڵ لە خۆت تێك مەدە؟ دزی لە ماڵ و مێردەکەت مەکە ! بەدوعا .

ژن : توخوا ئەگەر برۆی ! هەتیو باوانت شێوێ قسەکانت زۆر خۆشن !

میکرۆفۆن : ئاخر بە سەری تۆ ئیشم زۆرە ! ئەچم بە لای ناوکە برانەوە .. بە دوعا .

ژن : خوا ئاگای لێت بێ . خوا حافیزت بێ !